# ناڕەزایی بەردەوامە.. بەرپرسیارن لەگەندەڵییەکان

**لە پەیامی یەکەمی هونەرمەندانی ناڕازیدا هاتووە**

**"مانەوەمان لێرە مانای ئەوە نییە کە بەو هەموو گەندەڵییە قایلین، (نا)یەك کە دەبێت بوترێت ئێمەی هێشتۆتەوە"**

**هونەرمەندانی ناڕازی بەکاری خۆیانی نازانن کاتو توانای خۆیان بۆ بەدواداچوونو ساغکردنەوەی گەندەڵییەکانتان بەفیڕۆ بدەن لەم پەیامەدا لیستێکی کەیسەکان دەخەینە بەرچاوی ڕای گشتی کە دڵنیاشین ئەم لیستە سەرجەم گەندەڵییەکانتانی لەخۆ نەگرتووە.**

**ئێوە لەزمانی سەرۆکی بەناو ڕێکخراوەکەتانەوەو لەمیدیاکانەوە دان بەوەدا دەنێن کە گەندەڵی هەیەوکراوەو جارێ ئەوەش دەدەن کە لێی بێدەنگ نابن تەنانەت دەیگەیەننە دادگاش..**

**ئێمە وەك هونەرمەندانی ناڕازی کەس تاوانبار ناکەینو تەمەنناش دەکەین هەڵە بینو گەندەڵی تا سەر ئێسقان نەبێتو چڵپاوەکە بەو خەستییەو بەو قوڵییە نەبێت. ڕەنگە دوای بڵاوبوونەوەی ئەم کەیسانە وەك پیشەی هەمیشەییتان پەنا بۆ بێدەنگبوون یان بۆ پاساو هێنانەوە ببەنو هۆکارەکانی دروسبوونی ئەم کەیسانە بۆ نالەباری زروفی کوردستان بگێڕنەوەو هەوڵی خۆ دزینەوەو خۆ دەربازکردن بدەن کە ئەمە جگە لەبیانویەکی سواو هیچی دی نییە. لەم ساتەوە شە پۆلی هونەرمەندانی ناڕازی دەتا نخاتە بەردەم لێپرساوێتی مێژوویەك لەکاری ڕێکخراوەیی کە ئێوە لێی بەرپرسیارن بۆیە چاوەڕێین یەك جار بەجورئەتەوە پە نجە لەسەر برینەکان دابنێنو ڕابردووی هەردوو ڕێکخراوی (ی. هـ . ك )و ( س . هـ . ك ) و ئێستای ئەم بەناو ڕێکخراوە بخەنە ژێر پڕۆسەی ڕەخنەگرتنێکی جدیو حەقیقییەوە، دواجار خەونی هونەرمەندانی ناڕازی بۆ گێڕانەوەی بەهاکانی کەسێتی هونەرمەندو هونەرەکەیەتی بۆ مەنزڵگای شیاوی خۆی...**

**لە پاش بڵاوبوونەوەی ئەم پەیامە کە بەشێك لەلیستی گەندەڵییەکانتانی لەخۆ گرتووە. ئێمەش لەگەڵ ڕای گشتیدا چاوەڕێی لێپێچینەوەو ئیجرائاتو هەڵوێستی ئێوە دەبین. ئەگەر ماوەی ( 40 )چل ڕۆژ تێپەڕیو هیچ هەڵوێستتان نەبوو، ئەوا ئێوە هەموو ئەو گەندەڵیانە لەگومانەوە دەگۆڕن بۆ حەقیقەتو پەسەندی دەکەنو داکۆکی لێدەکەنو درێژەی پێدەدەن.**

**<u>لیستی کەیسەکان:</u>**

1- **هەردوو ڕێکخراوی پێشووی ( ی . هـ . ك )و ( س . هـ . ك ) بەگوتەی خۆیان ژمارەیەکی زۆریان ئەندام وەرگرتووە پێناسی هونەرمەندێتیان پێبەخشیون ,.ئیستا کە پێناسی هونەرمەندێتیان لێدەسەندنەوە چییان پێدەڵێن ؟! ئایا دەکرێت چەند سالێك ناسنامەی هونەرمەندێتیت پێبێت و پاشان ئەو ناسنامەیەت لێوەربگرنەوە ؟ ئەمە سوکایەتیکردن نیە بەمرۆڤ ؟**

2- **بەخشینی هاوکاری مانگانەی بەڕێز "مام جەلال" بۆ هونەرمەندان وەك خۆی لەکاتی خۆیدا ئاماژەی پێداوەو سەرۆکی ڕێکخراوەکەش لەهۆڵی ڕۆشنبیری لەسلێمانی دووپاتی کردەوە (کە ئەم پارەیە سەرف دەکرێت وەك هاوکاری بۆ هونەرمەندی داهێنەر) بۆ ئەوەی توانای خۆی تەنها بۆ هونەرەکەی تەرخان بکات، بەڵام ئێوە چیتان لێکرد؟!**

**ئەو پارەیەتان وەك ئامرازێك بەکار هێنا بۆ کۆکردنەوەی زۆرترین کەس لەڕێکخراوەکەدا بەبێ ڕەچاوکردنی توانای هونەری ئەو کەسانەی کە ئەو هاوکارییە وەردەگرن.**

3- **دیارینەکردنی سەرچاوەکانی داراییو داهاتی ئەم ڕێکخراوە کە لەکوێوە دێتو چۆن سەرفدەکرێتو ئیعلان نەکردنی لەهیچ بۆنەیەکدا.**

4- **بچوککردنەوەی کەسێتی ڕێکخراو لەبەردەم ئۆرگانەکانی هەردوو حیزبی دەسەڵاتداراو ناشیرینکردنی وێنەی هونەرمەند بەگشتیو هەروەها هەڵوێست وەرنەگرتنو بێدەنگبوون بەرامبەر ئەو کێشە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیانەیدەبنە هۆی پێشێل کردنی ئازادی و مافی مرۆڤ. وەك نمونەش (کارەساتی شەڕی ناوخۆو خۆپیشاندانەکانی گەرمیانو هەڵەبجەو دەڤەری بادینانوکوشتنی ژنان و.... هتد).**

5- **لادان و فەرامۆشکردن و کارنەکردن بۆ ئاما نجە ڕێکخراوەیی و هونەریەکانی نێو پرۆگرامی هەردووڕکخراوی پێشوو و جێبەجێ نەکردنی ئەو ئەرکانەی کە بۆخۆیانیان دەستنیشانکردووە .**

6- **پشتگوێ خستنی قەزاو ناحیەکانو گرنگی پێنەدانیان بەتایبەتی لەبارەی (خولی تەوعیەو وۆرك شۆپی هونەریو میوانداری نەکردنی بەرهەمە هونەرییەکانیان) بە پێچەوانەوە تەنها لەو کاتانەدا بەسەریاندەکەنەوەو گرنگیان پێدەدەن کە بۆ هەڵبژاردنی ڕێکخراو پێویستتان بەدەنگەکانیان دەبێت.**

7- **داکاکۆکی نەکردن لەمافی دەزگاو تیپە هونەریەکانو فشار نەخستنە سەر حکومەت بەتایبەتی وەزارەتی ڕۆشنبیری بۆ دانانی بودجەیەکی ساڵانەی گونجاو بۆ کارو چالاکییەکانیانو هەوڵدان بۆ سستکردنیان بۆ ئەوەی زۆرترین کەس ڕوو لەخۆتان بکەنەوە.**

8- **پشتگوێ خستنی ئەو هونەرمەندە کوردانەی کەاە دەرەوەی وولات بەردەوامن لە کارو چالاکی هونەریو پێشێلکردنی مافەکانیان وەك هونەرمەندی کورد.**

9- **هەوڵنەدان بۆ ناردنی هونەرمەند بۆ دەرەوەی هەرێم بۆ وەرگرتنی پسپۆری لەسەرجەم بوارەکانی هونەردا یان بۆ بینینو سوود وەرگرتن هەروەها نەهێنانی پسپۆری هونەری لەدەرەوەی وڵات بۆ سوود وەرگرتن لەئەزمونەکانیان، ئەگەر هەوڵی لەو شێوەیەش درابێت تەنها لەسەر بنچینەی (دەعوەتت دەکەمو دەعوەتم بکە!!) بووەو هیچ جۆرە بەهایەکی هونەری تێدا ڕەچاو نەکراوە.**

10- **هەوڵنەدان بۆ داخڵکردنی هونەرمەندی شایستە بۆ ناو پەرلەمانو پۆستە هونەرییەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری، بە پێچەوانەوە دۆزینەوەی پۆستو ئیمتیازات تەنها بۆ ئەندامانی ئە نجومەنی باڵا.**

11- قبوڵنەکردنی هەوڵی ڕیفۆرمکردن و ڕەخنەگرتن لەڕێکخراوەکەداو بەکارهێنانی سیاسەتی (تەفرەدان) بۆ لەباربردنی ئەو پڕۆژانەی دەدرینە ڕێکخراوەکە.

12- دروستکردنی کۆسپ و لەباربردنی هەر هەوڵێك بۆ دامەزراندنی هەر دامەزراوێکی تایبەت بەبوارێکی هونەری بەبیانوی دروستکردنی بەدیل بۆ ڕێکخراوەکە (مەڵبەندی شانۆی کوردی بە نمونە).

13- ساغنەکردنەوەی شوناسی هەردوو ڕێکخراوی پێشوو و هەروەها بەناو (ڕێکخراوی هونەرمەندانی کوردوستان)ی ئێستاش (هونەریە یان پیشەیی‌یە یان هەردووکیانە).

14- دانانی هەندێك لەئەندامانی ئەنجومەنی باڵا لەپسپۆرییەکدا کە پسپۆڕی خۆیان نییە ولەگەڵ بوارەکەی خۆیدا ناگونجێت بەهۆی پیادە کردنی سیایەتی ناوچەگەرێتیەوە.

15- نەبوونی گفتوگۆو کۆ دەنگی و حسم کردن لەسەر ئەو پڕۆژە هونەریانەی پێشکەش بەو ڕێکخراوانە دەکرێن و پەیڕەوکردنی ئالیەتی (وەڵام نەدانەوەو پەراوێز خستن) بەرامبەر پڕۆژەو بۆچوونەکانیان.

16- نەبەستنی کۆنگرە لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا و بە پێچەوانەوە بەستنی کۆنگرەیەکی کارتۆنی لە هەولێر و پەیڕەو کردنی سیاسەتی پەنجا بە پەنجا لە دابەشکردنی پۆستەکانی (بەناو ڕێکخراوی هونەرمەندانی کوردستان) لەکاتێکدا هەموان دەزانین ئەم سیاسەتە لەژیانی ئیداری ئێمەدا خاڵێکی چەندە ناشرین و ماڵوێرانکەرانە بووە.

17- قۆرخکردنی دەسەڵاتەکانی کۆنگرە بۆ سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی باڵا هەرکاتێك خۆیان بیانەوێت و لادان لەپەیڕەوو پڕۆگرامی ڕێکخراوو حساب نەکردن بۆ دەنگی ئەندامانی ڕێکخراو وەك نمونەش: (کۆنگرەی تەوافوقی نیوە بەنیوەی هەولێر کەخۆتان بە کۆنگرەی شەکراو خواردنەوە ناوتان بردووە).

18- پاوانکردنی بەشداری ئەندامانی هەردوو ڕێکخراو لەکۆنگرەی تەوافوقی‌نیوە بەنیوەی هەولێر.

19- نەبوونی (دەستەی بۆرد) لەم ڕێکخراوەدا کە ئەمەش پێچەوانەی دروستکردنی ڕێکخراوی مەدەنییەو بوەتە هۆی ئەوەی کە سەرۆکی ڕێکخراو تەسەروفی شەخصی بەدەنگەکانی ئەنجومەنی باڵاوە بکات.

20- مامەڵەکردنی گوماناوی بەپارەو مومتەلەکاتی ڕێکخراوەوە (بەنمونە: بەکارهێنانی پارەی ڕێکخراو بۆ سەیرانی خێزانی ئەندامانی ئەنجومەنی باڵا هەروەها فرۆشتن و کڕینی هەندێك ئۆتۆمبێل بەبێ ڕوونکردنەوەی پێویست لەو بارەیەوە).

21- بڕینەوەی (200000) دوو سەد هەزار دینار بۆ ئەندامی ناوەندەکان کە نازانرێت پۆستەکانی سەرووتر چەندە لەکاتێکدا ئیدیعای ئەوە دەکەن کە بەخۆبەخش کاردەکەن.

22- چەند هونەرمەندێك فەرمانبەرن لەبەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیری سلێمانی و تەنسیبن لە(بەناو ڕێکخراوی هونەرمەندانی کوردستان) سزادانی تەنها یەکێك لەو هونەرمەندانە بەنوێ نەکردنەوەی تەنسیبەکەی ئەویش لەبەر ئەوەی یەکێکە لەهونەرمەندانی ناڕازی.

هونەرمەندانی ناڕازی

کوردستان 2007/1/26